سزای زیندانی شەروان شەروانی لە چوار ساڵ بۆ دوو ساڵ کەمکرایەوە

سزای زیندانی شەروان شەروانی لە چوار ساڵ بۆ دوو ساڵ کەمکراوە.

ئەڵا دووشەممە (30ـی تشرینی یەکەمی 2023)، بەشدار حەسەن، پارێزەری زیندانیانی سیاسی بادینان ڕایگەیاند: دوای سزادانی شەروان شەروانی بۆ چوار ساڵ زیندانیکردن، داوای تەمیز کردنەوەمان کرد و ئەڵا دووشەممە سزاکەی لە چوار ساڵەوە بۆ دوو ساڵ کەمکرایەوە.

دادگای تاوانی هەولێر ڕۆژی (16ـی شوباتی 2021) بۆ تەمەتی "تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی" هەریەک لە (شەروان شەروانی، گوهدار زێباری، ئیاز ئەکرەم و هاریوان عیسا و شڤان سەعید)ـی بە یەکی شەش ساڵ زیندانیکردن سزادا. مانگی شوباتی 2022 بە فەرمانی سەرکی هەرەمی کوردستان 60%ـی سزاکیان، جگە لە شەروان شەروانی کە 50% بوو، کەمکرایەوە.

لە ئێستادا هەردوو ڕۆژنامەنووس (شەروان شەروانی و گوهدار زێباری) لە زیندانن و ئەوانی تر ئازادکران.